
# `له دووری تۆ

دارا عەلی
daraali@yahoo.com




بێ تۆ پەرێشانە حاڵم ئەگەر پێنازانی ئەی دڵ
چەشنی غەریب گۆشەگیر و ساماڵم دائەکا بەکوڵ

لەم گەرداوی غوربەتەدا خەیاڵ عەکسی ئاوێنەی گوڵ
هۆش بێ سرەوتە لەسامی ژاکین و هەڵوەرینی دڵ

ڕۆحم تابانی هەڵنایێ چاو لە دوای تۆیە و ئەڕوانێ
کزەی شەو لە منا هەڵئەکا و فلووتی سینەم ئەژەنێ

من کەسەرا پای ئەندێشەم بۆتە پەروانەی ڕووی چرات
ڕوحمێ بەم چەمی ئازارە هێندە هەڵهاتم بەرە و ڕووت

پەڕ و باڵم هەڵپرووکا و ڕوویەکت پێ نەبەخشیم تۆ
سووتانم گەلێك خۆشترە نەك بینم ژان و مەرگی تۆ

ڤانکۆڤەر 2002\6\1

www.kurdistannet.org